# وێنەکان روناکیان دیتەوە . کارێکی گرنگ و دۆکۆمێنتێکی بایەخدار

**ئەنفالستان – گۆپتەپە :** ئەم وینانەی لێرەدا نمایش دەکرێن بۆیەکەمجار بەدیداری ئازیزانیان شاد بوون .... مێژووی ئەم وێنانە دەگەریتەوە بۆ پێش پەلامارە دڕندانەکەی ئەنفالی قۆناغی چوارەم کە ناوچەی قەڵاسیۆکەو بناری خاڵخاڵانیشی گرتەوە.

وێنەکان  لە ناوەراستی حەفتاکان و سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە لایەن حاجی کاکەوڵا ئاغجەلەری گیراون و باشان لەلایەن وێنەگریکی هاورێی بەناوی عبدالله بازیانی فیلمەکانی هەلگیراون و دواتریش گەیشتونەتە دەستی مامۆستا.عیماد خالید لە ناحیەی تەکیە  ئەویش بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ دە ساڵ لای خۆی پاراستونی، دواتریش لەلایەن جەوهەر محمد کانی هەنجیری یەوە هەواڵی دۆزینەوەی ئەم وینانە گەیشتووەتە مامۆستا هیمن عبدالله گۆپتەپەیی.

جێگەی دەستخۆشیە کە مامۆستا هێمن دەست وبردی کردووە لە وەرگرتنیان و پەرەپێدانیان، هەموویانی لە فیلمەوە کردەووەتەوە بە وێنەو کاری سکان کردنی وینەکانی گرتووتە ئەستۆ، بەهاوکاری گۆڤاری ئەنفالستان ورێکخراوی وادی ئەلمانی و ریکخراوی سپی بۆناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان. بە هاوبەشی.

رۆژی ٢٠١٥/٥/٣ لە یادی کیمیاباران و ئەنفالی گوندی گۆپتەبەدا مامۆستا هێمن ئەنجامی کارە پربایەخەکەی خستە روو لە میانەی پێشانگایەکی تایبەتیدا ئەم وێنانە روناکیان بینی و کەسوکاریشیان بە روخساری ئازیزانیان شادبوونەوە. جێگەی ئاماژەیە رۆژی ٨ی ئایار (٢٧) وێنەی ئەنفالکراوەکانی گوندی جەلەمۆردیش بەهەمان شێوە لە یادی ئەنفالی جەلەمۆردو گوندەکانی دەوروبەری نمایش دەکرێن .

www.Anfalistan.com









www.Anfalistan.com





www.Anfalistan.com





www.Anfalistan.com

